# با پێکەوە ئەم دیوارە بڕۆخێنین !!



ســاردین ـ سوید
sardeen1997@hotmail.com

لە هەموو کۆمەڵگایەکداو لــە هەموو نەتەوەیەکدا کلتووری تایبەتی هــەیە، ئەویش لە نەوەکانی کۆنەوە وەرگیراوە ، ڕەنگبێ زەمـەن کاری پێ کردبێت وەهـــــەموو کۆمەڵگایەك ئاستی ڕۆشنبیری بەو کلتوورە هەڵئەســــەنگێنێ ، مەرجیش نیــە لە هـــەموو ئاستێکدا هەڵبسەنگینرێ لەبـەر ئەوەی کۆمـەڵگا لە گۆڕاندایە ، ئـەو گۆڕانەیش هـەر مرۆڤەکانــە بەهۆش و هزرەوە کە ئەو دیوارە دەڕۆخێنن ، ئەو دیــوار ڕوخاندنە ئەبێ چـی بـێ کــە من لێرەدا ئەی نووسم !!.

هەستی مرۆڤ زۆر بەرزە بەرزتیش ئاستی ڕۆشنبیری یە ، بەڵام ئەم دیوارە داخراوەیــە زۆرجار لە نـاو ئاستی ڕۆشنبیرانی ئیمەدا پێش چـاوو دەکەوێت بە تـایبەتی لەهەندەران ،

زۆر جار سەرنجی خەماوی دایگرتووم لــە بـــەر ئەو دیاردە نالەبارە کـــە لە شـایی و ماتەمینیدا دەر دەکەوێت ، لەناو کۆمەڵگایەکی کوردەواریدا کەچاو هەڵئەهینن ، ڕاســـتە زۆر جەخت کردنەوە لەسەرماندا زاڵە هیچ شتێك بەئارەزو وخواستی ئیمەدا نی یە هەمیشە پیاو دەسەلآتی یەکەم بووە ژنیش بە دەسەلآتی دووەم ، هەڵبەت من باسەکەم لێرەدا لەسەر دەسەلآت نی یە بەڵکو لەسەر دیاردەیەکی زۆر زەقە کە هەمیشە و زۆر جاران لە ئاهەنگەکان و ماتەمینیکان بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەویە کە لە ئاهەنگەکان هەمیشە لەلایەن دایك و باوکەوە چاویان لەسەر کچەکانیانە بەتایبەتی کەلەکاتی شاییدا نەوەك دەستی کوڕێك بگرن ، یاخود زۆر جار پیاوان لە لایەك دادەنیشن و ژنان لە لایەکی تر .

هەروەها زیاتر کە پێش چاووم کەوتووەو سەرنجی خەماوی دایگرتووم لە ماتەمینیەکان ، خۆی ماتەمینی بەمانای زۆر خەمە بەتایبەتی ئازیزیکی نزیکت یاخود دۆستێکی نزیکت لەدەست بچێ بەڕاستی خەمێکی گەورەیە لەگەڵ ئەو خەمە گەورەیەش ئەوەش پێش چاوو دەکەوێت کە لە لۆکالێکدا ژنان وپیاوان کۆ دەکەنەوە ، کە چی هەر ڕوو لە لۆکالەکە دەکەی ئەبینی ژنان و پیاوان جیاکراونەتەوە هەر لە نیوەندی لۆکالەکە، ئەمە لە کاتێکدا کوردەکانی خۆمان لە هەندەران لە وولآتیك دەژین ئاستی ڕوشنبیری و دیموکراتی تیدا زۆر بەرزە ، کە زۆر بەداخەوە هیچ سوودیان لەم وولآتـانە وەرنەگرتوە !.

زۆر بەداخەوە کە ئێستا ئەڵێم ئەم دیوارە وەکو خۆی ماوەتەوە دەبا پێکەوە بەهەموومانەوە ئەم دیوارە بڕۆخێنین بانەبێتە بەربەست لەبەردەم منالآنمان با بەشیوەیێکی مۆدرێن و شارستانی مامەڵە بکەین با بەئارەزووی خۆیان تێر هەڵپەڕن ، ئیتر ئەم دیوارە لە خۆشی و ناخۆشی دا هەر بەو جۆرە بێت ئەنجامەکەی بەدواکەوتوویی ئەمێنیتەوە .

وەکو لەسەرەتـاوە ئاماژەم بۆکرد هەموو کۆمەڵگاکان لە گۆڕاندان ، ئێمەیش وەکو لەم کۆمەڵگاو و وولآتە پێشکەوتوانە ئەژێین هەق وایە سوودی لێ وەرگرین و ئاستی ڕۆشنبیریمان بەرزکەین و بگاتە ئاستی ئەوان ، هەتا کەی ئەم دیوارە داخراوەیە لە لامان بمێنی ، ئەی کە ئەڵێ ی ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان لە پێشەوەیە دەبا بەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی خۆمان ئەم دیوارە داخراوەیە بڕۆخێنین .